Skolverket Utbildningsinfo

SORANI – سۆرانی

# خوێندنی شارەوانی گەوران به سویدیی بۆ پەنابەران (Sfi)

خوێندنی شارەوانی گەوران بە سویدیی بۆ پەنابەران (Sfi) خوێندنە کە بۆ تۆی کە پێویستیت بە زانینەکی بنەڕەتی یە بە زمانی سویدی.
تۆ فێری زمانی سویدی دەبی بۆ ئەوەی توانای قسەکردن ونووسینت هەبێ لە ژیانی ڕوژانەدا ولەناو کۆمەلگا ولە ژیانی پراکتیکیش دا. تۆی کە هیچ خوێندن ونووسین نازانی، دەرفەتی فێربوونت پێ دەدرێ.

## لە خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان فێری ئەوانە دەبی:

ئامانج ئەوەیە تۆ وەک خوێندکار فێری ئەو شتانەی خوارەوە ببی:

- خوێندن ونووسین بە زمانی سویدی
- قسەکردن، گفتوگوکردن، خوێندن، گوێ گرتن وتێگەیشتن بە زمانی سویدی لە هەڵوێستی هەمەجور
- بەلێوکردن/ تە لە فووز
- بەکارهێنانی ئامرازەکانی فێربوونی پەیوەندیدار
- گونجاندنی زمان بۆ گوێگر وهەلوێستی هەمەجور
- چونیەتی فێربوونی زمان
- ستراتیجیەکانی چونیەتی پەیوەندیکردن

## خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان بەخۆڕیی یە

خوێندن لەچارچێوەی خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان هیچ پارەی لێناچێت. پەرتووک وئامرازی خوێندن لەگەل خوێندن دان. ئەکرێ تێچوونەکی بچووک دیاربێ. کاتێ دەخوێنی لەچارچێوەی خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان ناتوانی پارەی خوێندن وەرگری لە فەرمانگەی ناوەندی یارمەتیەکانی خوێندن (CSN).

## ڕاوێژکاری خوێندن وپیشەیی

تۆ وەک خوێندکار پێویستە ڕاوێژکاری خوێندن و پیشەیی وەرگری. تۆ زانیاری وەردەگری لەبارەی خوێندن ورەوشی بازاری کار.



## ئەتەوێ زیاتر بزانی؟

پەیوەندی بکە بە شارەوانیەکەت ئەگەر بتەوێت دەست بە خوێندن بکەی لە خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان. زانیاری پەیوەندیکردن لەسەر ماڵپەڕی شارەوانی هەیە.

## کێ ئەتوانی بخوێنی لە خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان؟

لە 1 ی مانگی تەمموز لەو ساڵەی تەمەنت تێیدا دەگاتە 16 ساڵ، ئەتوانی دەست بە خوێندن بکەی لە خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان. هیچ سنورەکی دیارکراو نییە بۆ تەمەن بۆ خوێندن. پێویستە نیشتەجێی سوید بی وپێویستیت هەبێ بە زانینەکی بنەڕەتی بە زمانی سویدی کە بۆت دابین دەکرێ بەڕێگای ئەو خوێندنە.

## بەو شێوەیە خوێندن داڕێژراوە

تۆ زانینەک وشارەزاییەکی بەهادارت هەیە وگرنگە سوودی لێ وەرگیرێ لە خوێندن. پلان ودیزاینی خوێندن پێکەوە لەگەڵ تۆ دائەرێژرین بۆ ئەوەی بیگونجێن بەپێی حەز وئەزمون وزانین وئامانجەکانت.

چونکە خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان ئاراستەکراوە بۆ ئەو کەسانەی ئەزمون وهەلوێستی ژیان وشارەزایی وئامانجی فێربوونی هەمەجوریان هەیە، بۆیە کەسانی هەمەجۆر لەخولەکانی خوێندن دەخوێنن بە خێرایی جیاواز. وخولەکانی خوێندنیش بەکوتایی دێن لەکاتی جیاواز بۆ کەسانی جیاواز.

تۆ ئەتوانی 15 کاژمێری خوێندن وەرگری حەفتانە وەک ڕێژە بۆ ماوەی چوار حەفتە. ئەتوانرێ ماوەی خوێندن کەمبکرێتەوە ئەگەر بەشێوەکی باشتر بۆت بەرێوەبچێ.

ئەتوانی خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان کۆبکەیەوە لەگەڵ کارکردن یان راهێنانی پراکتیکی یان هەر خوێندنەکی تر، وەکو خوێندنگای ئامادەیی، خوێندنی شارەوانیی بۆ گەورەسالان (komvux) وخوێندنی تایبەت بۆ گەورەسالان (särvux).

لەوانەیە دەرفەت هەبێ بۆ خوێندنی خولەکی خوێندنی تەواو یان بەشەک لە خۆلەکە لە شوێنی کارکردن (فێربوونی داڕێژراوولە شوێنی کارکردن – arbetsplatsförlagt lärande). کە یەکەکە لە چەندین ڕێگا بۆ بەدەستهێنانی زانینی پێویست لەبواری زمانی سویدی بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کاردا.

#### ڕێخویندن و کۆرسهکان

SFI سێ ڕێخویندی ههیه.3.2.1 ڕێخویندنی 1 بۆ تۆیه که توانای خویندن و نوسینت نیه یان ماوهیهکی زۆر کۆرتت له قوتابخانه خویندوه،کهچی

ریخویندنی 3 بۆ کهسیکه باش راهاتوه لهسهر خویندن. 2 ههر رێخویندنیك له کۆرسی A، B، C، D پیکهاتوه.

- رێخویندی 1: کۆرسی B، C، D و A.
- رێخویندنی 2:کۆرسی B، C، D
- رێخویندنی 3:کۆرسی C و D.

پاش ههر رێخویندنیك و کۆرسیکدا دهتوانی خویندنهکهت تهواو بکهی ئهگهر بتهوێ. بهلام امکانیهتت پێ دهدریت له کۆرسی Dدا بخوینی، بێ رهچاوکرنی چ ئاستیکت دهست پێ کردبو.

**پلانی خوێندنی تاکەکەسی**

تۆ وەک خوێندکار پلانەکی خوێندنی تاکەکەسی وەردەگری. خوێندنگا هەلدەستێ بە داڕشتنی پلانی خوێندنی تاکەکەسی پێکەوە لەگەڵ تۆ. پلانەکە ئەو خالانەی خوارەوە بەخۆیەوە دەگرێ:

- ئامانجت لە خوێندن و
- ڕادەی ئە ندازە ی فراوانیی خوێندنەکەت.

ئەتوانی پلانی خوێندنی تاکەکەسی بگۆری ئەگەر بتەوێ زیاتر خولی خوێندن بخوێنی یانیش ئامانجەکانی خوێندنت بگۆری لەکاتی خوێندن.

**بە ڵگە ی پشتگیری**

خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان پێوەری پلەی F-A بەکاردێنێ، وئەوەش بۆ نموونە هەمان پێوەری خوێندنگای بنەڕەتی وئامادەییە. A بەرزترین پلەیە و F پلەی دەرنەچوونە. لە بەشی فێربوونی خوێندن ونووسین پلە دانانرێن.

پلە دادەنرێن بۆ هەر خولەکی خوێندن پاش تەواوبوونی. وهەروەها ئەتوانی پراوانامە بەدەستبێنی بۆ زیاتر زانیاری باوەرپێکراو.

**تاقیکردن- بە م شێوە یە ئەنجام دەدرێ**

دەرفەتت هەیە بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنە وە یێک لە هەر خولەکی خوێندن ئەگەر نشتەجێی وولات بی وبتەوێت پلە وەرگری لە خولی خوێندنە کە. واتا هەلسەنگاندن دەکرێ بۆ زانینە کانت لەسەر بنەمای پلانە کانی خولە کان. ومافت هەیە تاقیکردنە وە ئەنجام بدەی لە هەموو خولەکانی خوێندن کە پلەی پرواییان بۆ دادەنرێن. تاقیکردنە وە ئەنجام دەدەرێ تەنیا لەو شارەوانییەی خولی خوێندنە کە رێکدەخات.

ئەگەر پێشتر پلەی دەرچوونت هەبێ لە خولی خوێندن، ئەوە خوێندنگا ئەتوانی مزێک وەرگری بۆ تاقیکردنە وە. نابێ مزە کە زیاتر بێ لە 500 کرون.



**چە سپاندنی هاوسە نگیی بە ڵگە نامە - هەلسەنگاندن بەدەستبێنە لەبارەی زانینی پێشتر**

لەوانەیە بتوانی هەلسەنگاندن ودیکیومێنتکردن بەدەستبێنی لە سە ر زانین وئە زمونە کانی پێشترت. ئامانج لە چە سپاندنی هاوسە نگیی بە ڵگە نامە کانت دەکری ئەوەبێت کە تۆ ئەتەوێت:

- دەست بە خوێندن بکەی وپێش دەسپێکردن هەلدەستی بە گونجاندنی پێکهاتە وئاستی خوێندنەکەت بۆ ئەوەی پێویست نەکات هەندێ بابەت دووبارە بخوێننتە وە کە پێشتر ئەیانزانی.
- کورتکردنی کاتی خوێندنی ئێستا، یان
- دیکیومێنتکردنی شارەزاییەکانت بۆ ئەوی بتوانی نموونەیەک پیشان بدەی لە چاوپێکەوتنی کارکردن.

ئەگەر بتەوێ چە سپاندنی هاوسە نگیی بە ڵگە نامە ئەنجام بدەی، پەیوەندی بکە بە شارەوانیەکەت.

---

## خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان لە خوێندنگای باڵای گەلیی

هەروەها ئەتوانی خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان لە خوێندنگای باڵای گەلیی هەلبژێری لەجیاتی خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان لای شارەوانی، چونکە خوێندنگای باڵای گەلییش ئەتوانی خوێندنت پێشکەش بکات. ئەگەر بتەوێ بخوێنی لە خوێندنی سوێدیی بۆ بیانیان لە خوێندنگای باڵای گەلیی پسیاری شارەوانیەکەت بکە لەبارەی دەرفەتە لەبەردەستەکان لەم بوارەدا.